# بەهای جوانکاری لە درامای تەلەفزیۆنی

# (گەڕان بەدوای سێبەرەکاندا)



**کاروان محەمەد**

تەلەفزیۆن بە ئامڕازێکی گرنگی پرۆسەی بەکۆگەیاندن (mass communication) دادەنرێت. بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە بە ئاسانی دەچێتە هەموو شوێنێکی ئەم دنیایەوە، کاریگەرییەکی زۆریشی لەسەر کۆمەڵگە هەیە و شوێنێکی گرنگی لای وەرگر دروستکردووە.

درامای تەلەفزیۆنی بە یەکێك لە بەرنامە سەرەکییەکانی کەناڵی تەلەفزیۆنی دائەنرێت، بەهۆی زمانە جوانکارییەکانی هونەری بیستن و بینینەوە بینەرێکی زۆری لەخۆی کۆکردووەتەوە. هەموو کارێکی درامای تەلەفزیۆنی وەك شێوەو ناوەرۆك کۆمەڵێ یەکەی هونەری دەخولقێنێ و

زمانی جوانکاریی تێدا کۆدەبێتەوە، وەك: سیناریۆ، وێنەگرتن، دەرهێنان، نواندن، دەنگ... هتد، ناوەڕۆکی هونەری و بیرۆکەیی پێکدەهێنن. بۆیە ئەم سەردەمەی ئێمەی تێدا دەژین سەردەمی بەدەستهێنانی زانیاری و چێژوەرگرتنە لە بەرنامە جۆراوجۆرەکانی تەلەفزیۆن، بەتایبەتی دراما تەلەفزیۆنییەکان، کە ساڵانێکە بینەرێکی زۆری لەخۆ کۆکردووەتەوە. کاری جوانکاریی تێدایە و جێی سەرنجڕاکێشانی بینەرە.

گەر بڕوانینە کەناڵە ئاسمانییە عەرەبییەکان، دەبینین بە بەردەوامی چەندین بەرهەمی هونەیی درامایی لێوە نمایشدەکرێت. ئەو بەرهەمانە بەزۆری هی وڵاتانی میسر و سوریان و خاوەنی ئەزموونێکی سەرکەوتوون لەم بوارەدا، ساڵانە چەندین بەرهەمی هونەری و درامایی بەرهەمدەهێنن و بینەرێکی زۆریان لەخۆ کۆکردووەتەوە. گەر ئاوڕێك لە مێژووی درامای تەلەفزیۆنیی کوردی بدرێتەوە، دەبینین لە ساڵانی حەفتاکانەوە بەرهەمی درامای تەلەفزیۆنی بوونی هەیە، وەك درامای (مەرەزە، بەهاری دزراو، چەم بێ چەقەڵ نابێ...) لە ساڵانی هەشتاکاندا بەرهەمەکانی (ژاڵە و گوڵاڵە) بە دوو درامای تەلەفزیۆنیی سەرکەوتوو دائەنرێن، لەدوای ڕاپەڕینیش بوارێکی نوێ بۆ هونەرمەندی کوردی خوڵقاو دروستبوونی کەناڵی تەلەفزیۆنیی ئاسمانیش زیاتر ئەم بوارەی ڕەخساند و کۆمەڵێ زنجیرە درامای تەلەفزیۆنیی وەك: (ڕۆشنا، خۆرنەوەزان، خەمی چۆلەکەکان، مەم و زین، گەردەلول، خانمی سپێدە...هتد) بەرهەمهێنراون.

زنجیرە درامای تەلەفزیۆنیی (گەڕان بەدوای سێبەرەکاندا)* بەرهەمێکی نوێی شاشەی کوردییەو ساڵی (2006) لەلایەن (کەناڵی ئاسمانیی کوردسات بەهاوکاریی خاوێ فیلم) بەرهەمهێنراوەو بە یەکێ لە بەرهەمە سەرکەوتووەکانی تەلەفزیۆن دائەنرێت و لەڕووی کاری جوانکارییەوە شێوەیەکی هونەریی جوانی تێدا بەرجەستە کراوە، جوانکارییانە زمانە هونەرییەکانی تەلەفزیۆنی تێدا بەکارهێنراوە، شێوەیەکی هونەریی جوانی داوەتە درامای کوردی.

بۆیە لەم ڕاپۆرتەدا شیکردنەوەیەك بۆ زمانە جوانکارییەکانی ئەم درامایە دەکەین، کە بریتییە لە چەند بەشێك:

بەشی یەکەمی ڕاپۆرتەکە، بریتییە لە پێناسەی چەمکی دراماو چۆنیەتیی سەرهەڵدان و لەدایکبوونی دراما وەك هونەرێك لە یۆنان و گەشەکردنی تا گەیشتنی بەم قۆناغەی ئەمڕۆ. دواتر پێناسەکردنی درامای تەلەفزیۆنی و زمانە جوانکارییەکانی لە بەرهەمێکی تەلەفزیۆنیدا.

* زنجیرە تەلەفزیۆنی (گەڕان بەدوای سێبەرەکاندا)، سیناریۆ و دیالۆگ: پشتیوان حەسەن خاوێی و هاوڕێ مستەفا، دەرهێنانی: هاوڕێ مستەفا، نواندنی (هەژان هێرش، هاوڕێ بەهجەت، ڕووناك محەمەد، حەمە عەلی خان، ماهیر حەسەن، سامان حەمەسالح، دیاری عومەر)، کامێرا: مەریوان عەبدوللا، هێمن کاکەیی، ڕێبین ئەحمەد، مۆزیکا: دیاری قەرەداغی، مۆنتاژ و میکساژ: عوسمان نوری.

بەشی دووەم تایبەتە بە هونەری سیناریۆ و پێکهاتەکانی لە کاری درامای تەلەفزیۆنیدا. ڕۆڵی

سیناریۆ و ڕووداو و هێڵە دراميیەکان و دیالۆگو کەسایەتییەکانی لەم درامایەدا.

بەشی سێیەم باسی پرۆسیسی کاری دەرهێنان دەکات، کە خۆی لە چەند دابەشکردنێك دەدات، وەك خولقاندنی دیمەنەکان و ڕۆڵی دەرهێنەر لە بەرجەستەکردنی دیمەنەکان بە شێوەیەکی هونەریی جوانکاری و پەیوەندیی دەرهێنەر و سیناریۆ و خولقاندنی بە شێوەیەکی هونەرییانە بۆ سەر شاشە. هەڵبژاردنی ئەکتەرەکان لەلایەن دەرهێنەرەوەو کاریگەریی لە ڕووداوەکاندا و دیاریکردنی هەندێك کەموکوڕی لە کاری دەرهێناندا.

بەشی چوارەم تایبەتە بە کاری نواندن، کە وەك زمانێکی جوانکاریی کاری درامی باسکراوە، لەگەڵ ڕۆڵی ئەکتەرەکان بەشێوەیەکی هونەریی جوان دیاری کراوە. تا چەند ئەکتەرەکان توانیویانە کاری کەسایەتییەکان لەنێو ڕووداوەکاندا بەرجەستە بکەن؟ ڕۆڵی هەر ئەکتەرێك لەم درامایەدا دیاریکراوە.

بەشی پێنجەم ڕۆڵی وێنەگرتن لەم کارە دراميیەدا و بەکارهێنانی کامێرا بەشێوەیەکی هونەریی جوانکارییانە و چۆنییەکانی جوڵەی کامێراو توانای وێنەگرتن لەم کارە دراميیەدا، بەشێوەیەکی هونەرییانە دیاریکراوە، چەندین نموونەی جوانکاریی جووڵەی کامێرا دیاریکراوە، کە دەرهێنەر و وێنەگر توانیویانە بەشێوەیەکی جوانکارییانە بەرجەستەی بکەن.

بەشی شەشەم تایبەتە بە کاری دەنگ و بەرجەستەکردنی لەم درامایەدا، بەتایبەتی لەڕووی جوانیی تۆمارکردنی دەنگ و بەکارهێنانی مۆزیکای وێنەیی بەشێوەیەکی درامایی بەپێی ڕووداو و کەسایەتییەکان بەکارهێنراوە، لەگەڵ دەرخستنی لایەنە جوانکارییەکانی بەکارهێنانی مۆزیکا، کە بەپێی حاڵەتە دراميیەکان و گونجاندنی لەگەڵ بابەتەکاندا.

ئەنجامی ڕاپۆرتەکە لە دوای شیکردنەوەی زمانە جوانەکانی درامای (گەڕان بەدوای سێبەرەکاندا) دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەم درامایە بە یەکێ لە بەرهەمە سەرکەوتووەکانی زنجیرە درامای کوردی دائەنرێت لە ڕووی گرنگیی کاری بەرجەستەکردنی زمانە جوانکارییەکانی کاری تەلەفزیۆن بەشێوەیەکی هونەریی جوان.

گرنگیی ئەم ڕاپۆرتە دەرخستنی ئاستی جوانی و هونەریی ئەم بەرهەمە هونەرییەیە، لەبەر ئەوەی درامای (گەڕان بەدوای سێبەرەکاندا) لە زۆر لایەنی جوانکارییەوە دراماکانی پێش خۆی تێپەڕاندووە، بەتایبەتی لە ڕووی جوانیی بەرجەستەکردنی زمانە جوانکارییەکانی وێنەی تەلەفزیۆنییەوە، هەروەها ئامانجی ئەم نووسینەش خستنەڕووی توانای هونەرمەندی کوردە، لە بەرهەمهێنانی ئەم دراما تەلەفزیۆنییەدا، لەبەر ئەوەی ئێمە وەك میللەتێك لە بەرهەمهێنانی درامای تەلەفزیۆنیدا لە سەرەتادایین و کادری هونەری و ئاکادیمیای تەلەفزیۆنیمان نییە، گەر هەشبێت ناگاتە پەنجەکانی دەستێك! بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمێکی هونەریی لەمجۆرە خۆی لەخۆیدا سەرکەوتنێکی درامای تەلەفزیۆنیی کوردییە.

## 1. پێناسەی دراما:

بەشێوەیەکی گشتی دراما چەندین پێناسەی هەیە، هەریەکەیان بەشێوەیەك گوزارشت لە دراما



دەکەن. دراما لە بنچینەدا وشەیەکی یۆنانیی کۆنەو بە واتای کار یا جووڵە هاتووە، بۆیە دەتوانین بڵێین لەو سەردەمەدا هەر چالاکییەکیان ئەنجامداوە بەو شێوەیە گوزارشتی لێ کراوە و شوێنی تایبەتییان هەبووە بۆ دەربڕینی کارە درامییەکان، هەروەها لەو سەردەمەدا دراما پەیوەندییەکی توندوتۆڵی هەبووە بە (خودا دیونیسیوس)ەوە، چونکە ئەو کاتە کارە درامییەکان تەنها لە جەژنەکانی ئەو خودایەدا پێشکەشدەکران. دواتر دراما ڕێچکەیەکی هونەریی گرتۆتە بەر و پەرەی سەندووەو گەیشتۆتە ئەم ئاستەی ئەمڕۆ. دراما پەیوەندییەکی هەیە بە ژیانی ڕۆژانەوە، هەرشتێك لە واقیعدا ڕووبدات دەتوانین پێی بڵێین دراما، بۆیە دراما بەشێوەیەکی گشتی ڕەنگدانەوەی کێشەو گرفتەکانی واقیعی کۆمەڵ لەخۆ دەگرێت و ڕەنگدانەوەی واقیعی ڕووداوەکان دەبێت، هەروەك (کولویس کارگاس) لە پێناسەی درامادا دەڵێت: (دراما ڕوویەکە لە ڕووەکانی ژیان، کە بەردەوام لە گۆڕان و بەرەو پێشچووندایە)2. دراما بەشێوەیەکی گشتی لاساییکردنەوەی هونەری ڕووداوەکانی ژیانە، ئەو ڕووداوانەی لە دەقێکی درامیدا هەیە، بەشێوەیەکی گشتی هەڵقوڵاوی ژیانی ڕۆژانەو ڕووداوەکانێتی، سەرلەنوێ نووسەری درامی بەشێوەیەکی هونەریانە بەرجەستەی دەکاتەوە، بۆیە دەکرێت بڵێین (دراما نواندنێکی پرشنگدارە بۆ واقیعێکی دیاریکراو لە شوێن و کاتێکی دیاریکراودا بۆ ئازارەکانی کۆمەڵ و گیرۆدەییەکانی گەل، بۆ ڕۆشنبیریی نەتەوەو کێشەی ئابووری و ئاینی و ڕامیاری لە سەردەمێك لە سەردەمەکاندا.)3. هەر دەقێکی درامی کە دەنووسرێت و نمایشدەکرێت، گوزارشت لە کێشەو گرفتەکانی کۆمەڵێك دەکات، کە بەشێوەیەکی هونەریی درامیانە دائەڕێژرێت، هەر دەقێکی درامیش کە دەنووسرێت کۆمەڵێ توخمی سەرەکیی هەیەو کارە درامییەکەی لێ پێکدەهێنرێت، وەك ڕووداو، کەسایەتی، کێشمەکێش، دیالۆك...هتد. ئەم توخمانە پێکهاتەیەکی گرنگی کاری درامین، پێویستە لە هەموو دەقێکی درامیدا هەبێت. جا گەر دەقێکی شانۆیی یان سینەمایی یان تەلەفزیۆنی بێت. گەر پێناسەیەکی درامای تەلەفزیۆنی بکەین، دەتوانین بڵێین: (درامای تەلەفزیۆنی دەقێکی نووسراوە، دواتر لەسەر پێکهاتەی ئەو دەقە دەگۆڕێن بۆ کارێکی هونەریی درامی، کە بریتییە لە دەقێکی هێڵکاری، جووڵە و وێنە و دیالۆگ پێکدەهێنن و چیرۆکێکی تەلەفزیۆنی دەخولقێنێ)4. بەم شێوەیە درامای تەلەفزیۆنی دەقێکی نووسراوە (سیناریۆ) لەسەر پێکهاتەی ئەو دەقە بەشێوەیەکی هونەرییانە بە هۆی (دەرهێنەر، وێنەگر، ئەکتەر، شوێن، مونتاژ...هتد ) بەرجەستەدەکرێت و دەخرێتە سەر شاشەو نمایشدەکرێت..

## 2.سیناریۆ:

سیناریۆ لە درامای تەلەفزیۆنیدا بە بڕبڕەی سەرەکیی کاری درامی دائەنرێت. هێڵکارییە گشتییەکانی ڕووداو و چیرۆک و کەسایەتییەکان پێکدەهێنێ. سیناریۆ بریتییە لە ڕووداو و کەسایەتی، دەجوڵێن و دەدوێن و کار لە ڕووداوەکان دەکەن، (5). سیناریۆی جوان و سەرکەوتوو ئەو سیناریۆیەیە کە بتوانێ ڕووداوەکان بەشێوەیەك بنەخشێنێ دیمەن لە دوای دیمەن کاری نوێ بدات بە بینەر و چنینێکی جوانکارییانە لەخۆ بگرێت. سیناریۆی گەڕان بەدوای سێبەرەکاندا بریتییە لە کۆمەڵێ ڕووداو و کەسایەتی، بەشێوەیەکی جوانکارییانە لێکئالاون. کۆمەڵێ کێشەو ململانێ لەم سیناریۆیەدا خوڵقاون و سیناریست بەشێوەیەکی جوانکارییانە چنینێکی هونەرییانەی تێدا بەرجەستە کردووە. دەکرێت بنەماکانی سیناریۆی گەڕان بەدوای سێبەرەکاندا لەڕووی چۆنیەتیی داڕشتن و واتای ڕووداو و هێڵە درامییەکان و کەسایەتی و دیالۆژەوە شی بکەینەوە، ڕۆڵی هەریەکەیان لەم کارە درامییەدا.

### 1/2 ڕووداو و هێڵە درامییەکان.

ڕووداو و چیرۆك بە ڕەگەزێکی گرنگی کاری سیناریۆ دائەنرێت. چۆنیەتیی داڕشتنی ڕووداوەکان بە کارێکی گرنگی سیناریست دائەنرێت. سیناریۆی (گەڕان بەدوای سێبەرەکاندا) لە کۆمەڵێ ڕووداو پێکدێت و چەند هێڵێکی درامیی بە یەکەوە بەستراو شێوەی ڕووداوەکانی ئەم درامایەی پێکهێناوە. جوانکارییانەش توانیوێتی ڕووداوەکان ڕیزبەند بکات و سەرەتاو ناوەند و کۆتایی لێ بەرجەستە بکات و بینەر کێش بکاتە ناو ڕووداوەکانەوە...

سەرەتای ڕووداوەکان بە خەمەکانی (ڕاز و هاوکار) ئاشنامان دەکات، کە لە خاڵی سنوری ئیبراهیم خەلیل بەیەك دەگەن و لێرەوە سەرەتای دەستپێکی کارە درامییەکە دەستپێدەکات. کۆتایی ڕووداوەکانیش بە گەڕانەوەی ئەم دوو کەسایەتییە تەواو دەبێت. جوانیی ڕووداوەکانی ڕاز و هاوکار لەوەدایە، تەنها لەنێوان ئەم دوو کەسایەتییەدا قەتیس ناکرێن، بەڵکو تێکەڵی کۆمەڵێ کەسایەتی و هێڵی درامیی ترمان دەکات. کۆمەڵێ گرێ و کێشەی تر دێتە ناو ڕووداوەکانەوە...

ڕووداوەکانی ماڵی عومەریش کۆمەڵێ کێشەی کۆمەلایەتی و سیاسی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ. وەك کێشەی موڵکەکانی نێوان ماڵی ڕاز و عومەر، کە لە سەردەمی دەسەلاتی حیزبی بەعسدا، عومەر وەك پیاوێکی ڕژێم ڕۆڵی هەبووە لە دەستبەسەرداگرتنی ئەو موڵکانەی ماڵی باوکی ڕازدا. ئێستا ڕاز هاتۆتەوە بۆ ساغکردنەوەو سەندنەوەی ئەو موڵکانەی باوکی. بردنەوەی ڕووداوەکان بۆ ئەو سەردەمەو دەرخستنی پیاوخراپیی عومەر، هەڵوێستی سیاسی و شۆڕشگێڕیی باوکی ڕاز و دەربەدەرکردنی لەلایەن عومەرەوە، جوانکارییانە ئەو دوو سەردەمە بە یەکەوە گرێدراوە لە سیناریۆدا... دواتر پەیوەندیی نێوان ڕووناکی ژنی عومەر و لێپرسراوەکە شێوەیەکی جوانی داوەتە ڕووداوەکان، بردنی هومای کچی بۆ هەمان لێپرسراو و کردنی بە سکرتێری و هەوڵدانی بۆ لەکەدارکردنی، شێوەیەکی جوانتری

ڕووداوەکانــە.. هــەروەها کێــشەی هانــای کــچی عومەر و مامۆستا شەونم بە ڕووداوێکی تـری ئـەم سیناریۆیە دائەنرێت، بەتایبەتی ئەو کاتـەی هانـا بە قۆپییەوە دەستگیر دەکرێت و کۆمـەڵێ کێشە لەنێوانیانـدا دروسـت دەبێـت و ڕوونـاکی دایکـی چاوپۆشی لە کارە خراپەکانی هانا دەکات.

بەگشتی ڕووداوەکانی ماڵی عومەر گوزارشت لـە تێکــشکاویی خێزانێکــی کــوردی دەکــات، کــە ڕووبەڕووی کۆمەڵێ کێشەی کۆمەڵایەتی بوونەتەوەو تــەنها ئامانجیــان پــارە و پــول و دەســتبڕین و خۆفرۆشتن و شـەڕانگێزی و درۆکردنـە. لەبەرامبـەر ئەم خێزانەدا ماڵی ئازاد جگە لـە (ئاکـام)ی کـوڕی، سەرجەم خێزانەکە بەشێوەیەکی نێگەتیڤانە مامەڵە دەکــەن لەگــەڵ ڕووداوەکانــەدا. ئــازاد پیــاوێکی گەندەڵەو فەرمانبەرە لە وەزارەتـی دارایی، لەسـەر دزی دەریدەکــەن، بــەڵام ئاکــام کــە خوێنــدکاری پەیمانگــەی هونەرەجوانەکانــە لــە بەشــی مۆزیکــا، بەشـێوەیەکی ڕاسـتگۆیانە هەڵـسوکەوت دەکـات و مۆزیکاژەنێکی بەتوانایەو خـاوەنی بیروبۆچـوونێکی ســـەردەمیانەیە لەگــەڵ هاوڕێکانیــدا، هـــەروەها ڕووداوەکانی نێوان بەهێزی کـوڕی ئـازاد و شـەماڵی کـوڕی عومــەر، کــە پــورزای یــەکن و ســەرکەوتیش هاوڕێیانــــە ڕەنگدانــــەوەی بــــارودۆخی نێــــو خێزانەکانیانە. بونیادی ڕووداوەکانی نێوان ئەم سێ کەسە لەسەر درۆ و دەستبڕین و یاریکردنە بە بـەها جوانەکانی نێو کۆمەڵگەو خیانەتکردن بووە لەگـەڵ یەکتریـدا. بەپێـچەوانەی ڕەوتـی بەرەوپێشـچوونی کۆمەڵگەوە هەڵسووکەوتیان کردووە، تا سەرئەنجام لەســەر کــاری کوشــتن و دەســتبڕین هەرســێکیان زیندانی دەکرێن، دواتریش پەیوەندیی نێوان دایکـی هەژار و سەرکەوت شـاردنەوەی تـەرمەکـەی هـەژار، دەسخەڕۆکردن و درۆکردن لەگەڵ دایکی هەژاردا بـە ڕووداوێکــی تــری نێــو ئــەم ســیناریۆیە دائــەنرێت، ڕووداوەکانی ماڵی هاوکاریش گوزارشتی کردووە لـە کۆمەڵێ کێشەی کۆمەڵایەتی، کە بـریتین لـە دایکـی هاوکار و هەڤاڵی برای و خەندەو کەناری خوشـکی. خەندە، هاوکار بە ئاقارێکی درۆکردندا دەبات، تەنها بـۆ ئــەوەی شــیلانی خۆشەویــستی لەبیربەرێتــەوە، پێی دەڵێت شـیلان سـووتاوەو مـردووە، هــەڤاڵیش وەك کەسایەتییەکی ئیسلامیی هەڵخەڵەتاو، سەرەتا کۆمــــەڵێ کێــــشەو گرفــــت دروســــتدەکات، وەك ئیسلامییەکی توندڕەو هەڵسوکەوت دەکـات، بـەڵام دواتــر دەگۆڕدرێــت بــە ئاقــارێکی ئــسلامیی تــردا. ڕووداو و هێڵێکــی تــری درامــی پەیوەنــدیی نێــوان دیــاری گــوڵفرۆش و ســەروەری هونەرمەنــدە، کــە بەشــێوەیەکی پۆزەتیڤانــە ڕووداوەکانیــان گــوزەر دەکات، خـاوەنی پـەیامێکی فەلـسەفیی پـڕ واتـای درامین، لەنێو ڕووداوەکاندا ئامانجیـان ڕاسـتگۆیی و هێنانەدیی سەردەمێکی بێ گرفت و نموونەییـە لـەم وڵاتــەدا. لەگــەڵ کێــشەو گرفتــەکانی ئــەمڕۆدا بەشێوەیەکی واقیعییانە مامەڵـە دەکـەن، دواتـریش پەیوەسـتبوونی کـچە لالەکـەو هـاتنی بـۆ بـەردەم دوکانەکـەی دیـاری گـوڵفرۆش شـێوەیەکی جـوانی داوەتە ڕووداوەکان.

سەرجەم ئەم ڕووداوانەو کۆمەڵێ ڕووداوی تـر لــەنێو ســیناریۆدا گــوزەر دەکــات و شــێوەیەکی هونەرییانـــەو یـــەکانگیری هەیـــە لەنێوانیانـــداو جوانکارییانــــە ململانێکــــانی دروســــتکردووە. کەسـایەتییەکان لـە پەیوەندییـەکی ململانــێ و ڕووداوەکـان بـەر یـەك دەکـەون.. بەگـشتی ئـەم ڕووداوە درامییانــە چــەند چــیرۆکێکی لــەخۆدا کۆکردووەتـــەوە، هـــەر چـــیرۆکەو کۆمـــەڵێ

کەسایەتیی لەخۆدا کۆکردووەتەوە، پەیوەندییەکی بەهێزیش لەنێوان ڕووداوەکاندا هەیە، کە بەگشتی ڕووداوەکان گوزارشت لە کێشە کۆمەڵایەتییەکانی ئەمڕۆ دەکات. (ناوەرۆکی هەموو دەقێکی درامی دەلالەت و هێمایەکی یەکانگیریی هەیەو ڕەنگدانەوەی واقیعێکە و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ نواندنی ئەو ناوەرۆکە دەکات کە لە واقیعدا هەیە، هەموو کارێکیش بنچینەیەکی ئایدیۆلۆژیای هەیەو هاوسۆزە لەگەڵ بەرژەوەندیی گروپێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراودا، ئەمەش لە میانەی وشەوە دەبێت...)6 بۆیە ئەم دەقە دراماییە ڕەنگدانەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتیی ئەمڕۆیەو جوانکارییانەش شیکردنەوەی ئەم بارودۆخەی ئەمڕۆی لەخۆدا کۆکردووەتەوە، لەهەمانکاتدا دەکرێت بە دوو جۆر خوێندنەوە بۆ ئەم دەقە دراماییە بکەین، یەکێکیان هەڵگری واقیعی ئەمڕۆی کوردستانە، بەهۆی کەسایەتییەکانی نێو دراماکەوە. دواتر بەهۆی کەسایەتیی ڕاز و هاوکارەوە دەکرێت پەیوەست بێت بە هەندێك ڕووداو و واقیعی ئەوروپاوە، کە ئەم دوو کەسایەتییە لەنێو ڕووداوەکاندا کاریگەریی ئەوروپا بەسەریانەوە هەیەو دیارە.

**2/ 2 کەسایەتییەکان:**

بەشێوەیەکی گشتی کەسایەتییەکانی نێو ئەم کارە دراماییە، هەریەکەیان لەنێو ڕووداوەکاندا خاوەنی بیرۆکەیەك بوون، کە ڕەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵایەتیی ئێستای کوردی بووەو بەپێی حاڵەتە درامیی ڕووداوەکان هەڵسووکەوتیان کردووە، بۆیە لە کاری درامیدا (هەموو کەسایەتییەك زمانێکی هەیەو پەیوەستە بە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی و هەڵگری کولتوورێکی فیکریی کۆمەڵایەتییەو پەیوەستە بە ڕەگەزی شوێن و کاتەوەو مۆرکێکی تایبەتی هەیە...)7، واتە کەسایەتییەکانی ئەم کارە دراماییە پەیوەستن بە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتییەوەو هەڵگری کولتوورێکی فیکرو کۆمەڵایەتین. سیناریست بەشێوەیەکی هونەریی جوان کەسایەتییەکانی بەرجەستەکردووە، کە بەگشتی چەند جۆرێك کەسایەتیی تێدابووە، بۆیە بەشێوەیەکی گشتی کەسایەتییەکانی نێو ئەم درامایە پەیوەستن بە دوو دنیای جیاوازەوەو دابەشدەکرێن بەسەر جیهانی (خێرو شەڕ یان باش و خراپ)دا، ئەمەش بەگشتی لە دیدی کەسایەتییەکانەوە دەردەکەوێت بەهۆی هەڵوێست و هەڵسوکەوتیان لەنێو دراماکەدا، لە پەیوەندیی نێوان کەسایەتییەکاندا، ئەمەش ئامانجی سیناریۆ بووە لەم درامایەدا، کە هەڵگری ئەو پەیامە بووە. گەر بڕوانینە کەسایەتیی عومەر و ئازاد دەبینین ئامانجیان پارەو پول و درۆکردن و دزی بووە، بەڵام بەپێچەوانەوە ڕاز و هاوکار نمونەی دوو کەسایەتیی ڕاستی بوون لەنێو ڕووداوەکاندا. لەبەرئەوەی ساڵانێکی درێژ لە هەندەران بوون، کاریگەریی کولتووری ئەوێ بەسەریانەوە دیاربووە. ڕاز زۆر بەشێوەیەکی ڕاستەقینە دەچێتەوە بەگژ واقیع و کەسایەتییەکاندا، بەتایبەتی لەو ساتانەی کە لە ماڵی پورەکانیتی، بەشێوەیەکی ئاشکراو ڕوون بە عومەر دەڵێ، من هاتوومەتەوە بۆ سەندنەوەی موڵکەکانی باوکم. هەرچەندە عومەر دەیەوێت قەناعەتی پێ بکات واز لەو کارە بهێنێ، بەڵام

هەر سووردەبێت لەسەری، یان کاتێك لە دوای گەڕانەوەی، یەکەم بەیانی لە ماڵی پووری نانی بەیانی دەخوات، ڕووناك بانگی شەماڵی کوڕی دەکات و پێی دەڵێ وەرە ڕاز چاوەڕێی تۆیە!، بەلام ڕاز ئەمەی پێ ناخۆشەو دەڵێ نا پوریّ من چاوەڕێی ئەو نیم، بەلکو چاوەڕێی کوپێك چا دەکەم!، یان کاتێك لە ماڵی پورە ڕووخۆشی دەبێت، دەیانەوێت بە زۆر ڕازیی بکەن بۆ بەهێزی کوڕی ئازاد، بەلام بەشێوەیەکی ئاشکرا ڕاز بەرەنگاریان دەبێتەوە، بە هەمان شێوەش هاوکار بەدرێژایی کارە درامییەکە بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانەی دوور لە درۆ مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکاندا دەکات، بەتایبەتی لە پەیوەندیی نێوان خۆی و ڕازدا، بە هیچ شێوەیەك هاوکار نایەوێت درۆ لەگەڵ ڕازدا بکات و پێی بڵێ من تۆم خۆشدەوێت و بۆ یەکتر دەبین.. هەر لەسەر ئەو بنچینە ڕاستییە لە یەکتر جیادەبنەوە، گەرچی ڕاز حەزدەکات بۆ یەکتری بن، بەلام هاوکار دەیەوێت لە پەیوەندیی خۆی و شیلان بگاتە ڕاستی و بزانێ ماوە یان مردووە؟ نایەوێ درۆ لەگەڵ شیلاندا بکات، بۆیە دەیەوێت بگاتە ڕاستی، هەر بۆیە لە کۆتاییدا دەڵێت: (من پێویستم بە هیوایەك هەیە، کە ئەویش تۆیت...).

بەهەما ن شێوە نموونەی ئەم کەسایەتییانەی لای ئاکام و حاجی و شازاد و دیار و سەروەر هەیە، کە نموونەی ڕاستی و ڕاستگۆیی لەنێو ڕووداوەکانداو هەڵگری پەیامی جوانکارین، بەپێچەوانەوە کەسایەتیی ڕووناك، ڕووخۆش، هوما، هەنار، خەندە، بەهێز، شەماڵ، سەرکەوت...هتد لەسەر بنچینەی ناڕاستی و درۆ بنیاتنراون، هەڵسوکەوت و دیالۆژو ململانێکانیان شێوەیەکی ناڕاستی لەخۆ گرتووە لەنێو ڕووداوەکاندا، بۆیە کاری درامی (زنجیرەیی) پشت بە ئەداو ئەرکی ئاشکراکردنی هەڵوێستە هەمەجۆرەکان بۆ ڕووداوی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و دروستی و سۆزداری بە ئاڕاستەی بەرەنگارییەکانی ژیان دەبەستێ، لەگەڵ ململانێکانیان8، ئەمەش بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا پەیوەندیی لەم کارە درامییەدا دەنگی داوەتەوەو کارەکتەرەکان هەر یەکەیان بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا پەیوەندیی و ئەرکە درامییەکەیان دیاربووە، هەروەکو لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا... سەرەنجامیش دەتوانین بڵێین ململانێکان بە ئاقارێکی ڕاستگۆیانەدا هەنگاوی دەنا. ئازاد و عومەر تووشی شکستێکی گەورە هاتن، ئازاد دزییەکانی ئاشکرا بوو، عومەر تووشی شکستێکی گەورە بوو، بەهێز و سەرکەوت و شەماڵ زیندانی کران، ڕووخۆش و ڕووناك توشی پەشیمانی هاتن لە ئەنجامی ئەو هەموو درۆیەی لەگەڵ منداڵەکانیاندا کردبوویان.. بۆیە دەکرێت بڵێین کەسایەتییەکانی ئەم کارە درامییە، هەریەکەیان خاوەنی سیفات و ئامانجێکی تایبەتی بوون و بەو شێوەیە لەنێو ڕووداوەکاندا مامەڵەیان کردووە. دابەشبوون بەسەر دوو جیهانی جیاوازدا، کە ئەمەش بەگشتی سیفات و ئامانجی هەموو کەسایەتییەکی درامییە لە کاری سیناریۆدا، واتە خاڵی ناوەندی هەموو کارێکی درامیی باش بریتییە لە کەسایەتییەکان، کە هەڵدەستن بە کاری ڕووداوەکان، لە میانەی سیفات و ئامانجەکانیان لەنێو ململانێکاندا 9.

**2/ 3 دیالۆژ:**

دیالۆژ لە کاری تەلەفزیۆنیدا بە بڕبڕەی سەرەکیی کاری درامی دائەنرێت. بەهۆیەوە هەندێ ڕووداوی درامی و کەسایەتییەکانی دیاری دەکات. دیالۆژ لە کاری درامیدا ئەم ئەرکانەی هەیە: (پاڵ بە ڕووداوەکانەوە دەنێ بۆ پێشەوەو زانیاری ئەدات، لەگەڵ دیاریکردنی ڕواڵەتی کەسایەتییەکان و دیاریکردنی ئەو جیهانەی ڕووداوەکانی تیادا ڕوو ئەدات...)10 گەر بەشێوەیەکی گشتی دیالۆژی کاری درامیی ئەم درامایە هەڵسەنگێنین، دەتوانین بە هۆی دیالۆژەوە خەسڵەتی کەسایەتی و بەرەوپێشچوونی ڕووداوەکان دیاریبکەین، هەروەکو لە پێشتردا ئاماژەمان بۆ کردووە، بۆیە لە کاری درامیی تەلەفزیۆنیدا دیالۆژ دەبێتە تەواوکەری وێنەو بەهۆیەوە بینەر زانیاری وەردەگرێت لەسەر کەسایەتی و ڕووداوەکان. دیالۆژ لەم کارەدا لە زۆربەی کاتدا بەشێوەیەکی جوانکارییانە داڕێژراوە. بینەری کێشکردوّتە ناو ڕووداوەکانەوە، دواتریش جوانکارییانە ململانییەکانی دەرخستووە، بۆ نموونە لە ئەڵقەی سێدا کاتێك هەڤاڵ دەچێتە ماڵی ئاکامی هاوڕێی و خۆی دەشارێتەوە، لەنێوانیاندا کۆمەڵێك دیالۆژ دروست دەبێ، کە گوزارشت لە دوو دونیای جیاوازی نێوانیان دەکات. هەڤاڵ بە دیدێکی سەلەفیانەو ئاکام بە دیدێکی سەردەمیانە قسە دەکات و دەڵێت: (دین و سیاسەت دوو شتی جیاوازن و هەر یەکەیان دیدی خۆی هەیە...). هەڤاڵ دەڵێت: (کچ و کوڕ لە خوێندندا نابێت تێکەڵ بن، لەبەر ئەوەی حەرامە... هتد). لە ئەڵقەی چواردا هاوکار لە دیالۆژێکدا دەڵێت: (ئەوەی من لە ئەوروپا فێری بووم، کە بە عاتیفە هەڵنەخەڵەتێین..) لەهەمان ئەڵقەدا سەرکەوت و شەماڵ و بەهێز دوای چەندین کاری شەڕانگێزی، وەسفی باوکیان دەکەن، وەك بەهێز دەڵێت: (باوکم بە هەموو ژیانم نەسیحەتی نەکردووم...) شەماڵیش دەڵێت: (یەکێ نەزانێت باوکم زۆر نەسیحەتی منی کردووە.. ). ئەم دیالۆژانە گوزارشت لە حاڵەتی کەسایەتیی هەریەکێ لەم کەسایەتییانە دەکات، کە چۆن پەروەردە کراون لەنێو خێزانەکانیاندا، هەروەها لە ئەڵقەی سێدا سەروەر لە یەکێ لە دیمەنەکاندا لە دوکانی دیاری گوڵفرۆشدا دەڵێ: (لەم وڵاتەدا کێ بێزار نییە، بڕوا بکە گوڵەکانیش زمانیان هەبوایە دەهاتنە قسە..؟!) دیارە ئەم دیالۆژە زۆر واتای جوانکاری هەڵدەگرێت، کە گوزارشت لە بێزاریی مرۆڤ و سروشت و دەوروبەریش دەکات، لەم بارودۆخەی کە ئێستا تێیدا دەژین. هەر لە ئەڵقەی یەکەمدا کاتێك ڕاز و هاوکار لەنێو ئۆتۆمبێلدان و لە یەکەم زاڵگەی پشکنینی سلێمانیدا دەوەستن بۆ پشکنین، لەنێو ئۆتۆمبێلەکەدا جانتایەکی بچوك هەیەو کاتێك ئاسایشی پشکنین دەڵێ ئەو جانتایە هی کێیە؟ کەس خۆی ناکات بە خاوەنی. شۆفێرەکە چاوەڕێی ئەوە دەکات هاوکار و ڕاز خۆیان بکەن بە خاوەنی، دواتر شۆفێرەکە تووشی لێپێچینەوە دەبێت، پاشان ڕاز لە دیالۆژێکدا بە شۆفێرەکە دەڵێت: (داوای لێبوردنت لێ دەکەم، نەمتوانی درۆ بکەم! بڵێم ئەم جانتایە هی منە..) ئەم دیالۆژە پەیوەندیی بە درۆ و ڕاستییەوە هەیە، کە ئەمڕۆ لای ئێمە درۆ بۆتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی باو و ڕۆژانە وا ڕاهاتووین کە

پێویستە درۆ لەگەڵ یەکتریدا بکەین! بەڵام لای ڕاز و هاوکار درۆ کارێکی قورسە، لەبەر ئەوەی ساڵانێکی درێژە لە ئەوروپا دەژین و کاریگەریی ئەوێ بەسەریانەوە هەیە، بۆیە سینارست جوانکارییانە توانیویەتی لەڕێی دیالۆژەوە ئەو ململانێیانە دەربخات، هەروەها سینارست لەڕێی دیالۆژەوە جوانترین دوو دیمەنی پڕ واتای فەلسەفیی بەرجەستە کردووە، کە پێویستە لێرەدا ئاماژە بەو دوو دیمەنە بکەین. لەبەر ئەوەی سینارست جوانترین خوێندنەوەی بۆ واقیعی ئێستا کردووە و گوزارشت لە کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان دەکات، ئەمەش لەسەر زاری کەسایەتییەکانی سەروەر و دیار و هاوکارەوە بەرجەستەکراوە، کە سێ کەسایەتیی پاك و ڕاستگۆی ئەم درامایەن.

*دیمەنی یەکەم –لە ئەڵقەی دووەمدا– شوێن گۆڕستان..

(پوختەی دیالۆژی نێوان سەروەر و دیار و هاوکار)

سەروەر: کوڕی باوکم ئێمە پێویستیمان بە فەلسەفە هەیە، گەورەترین بۆشایی لە ژیانی ئێمەدا نەبوونی زانستە. وەرن سەیری ئەم گۆڕستانە بکەن، پڕە لە گەورەو منداڵ. ژیان هەر تەواو دەبێ..! بەڵام پێویستیمان بە گۆڕان هەیە، پێویستە درۆ نەکەین...

هاوکار: وادیارە کاك سەروەر لە هیچ شتێ ڕازی نییە.

سەروەر: کاکە من لە چی ڕازیبم؟ نازانم بۆچی تۆ هاتویتەتەوە بۆ ئەم وڵاتە؟ هاتویتەتەوە بچیتە سەرەی غاز و نەوت و بەنزینەوە؟ یان ئەتەوێت چراکەت لە نزیك



کۆمپیوتەرەکەتەوە دابنێی؟ لەم وڵاتەدا خۆشەویستی نەماوە....

هاوکار: ئەوروپا ئەو فیردەوسە نییە کە ئێوە لێی تێگەیشتوون.

*دیمەنی دووەم –لە ئەڵقەی شەشەمدا– شوێن بەردەم باخی گشتیی سلێمانی.

(دیالۆژی نێوان سەروەر و دیار)

سەروەر: لەم وڵاتەدا پلان نییەو لە منداڵییەوە فێر نەبووین بەرنامە بۆ ژیان دابنێین، هەر کەس لە ماڵی خۆیەوە دەستپێبکات چاك دەبێت...

دواتر سەروەر هەڵدەستێتە سەر پێ و دەچێتە سەر شوێنێکی بەرز و بە دەنگێکی بەرز دەڵێ: تکاتان لێ دەکەم خۆشەویستیتان هەبێت بۆ یەکتری.. با هەموو پێکەوە ژیان لە پیسی پاك بکەینەوە، با ڕێزی گەورەکان بگرین.. خۆشەویستی پێویستییەکی گەورەیە.. تکاتان لێ دەکەم خۆشەویستیتان هەبێ بۆ یەکتری.. ئەوکاتەی خۆشەویستی نەما فەسادی دەبێتە ڕووخێنەری هەموو ئایدیۆلۆژییەکان.... وەرن با هەموو بە یەکەوە خۆمان ئامادەبکەین بۆ ژیانێکی نوێ....هتد.

پوختەی واتای فەلسەفیی ئەم دوو دیمەنە گوزارشت لە بێزاریی تاکی کوردی دەکات لە بەرامبەر ئەم بارودۆخەی کە ئێستا تێیدا دەژیت،

له پشت هەر وشەیەکەوە چەند واتای جۆراوجۆر هەیە و دەکرێت بە چەندین شێوە لێکدانەوەی بۆ بکرێت. پێمان دەڵێ پێویستە خۆشەویستیمان هەبێت بۆ یەکتری و بە بەرنامەو فەلسەفەیەکی نوێوە کارەکانمان بەرجەستە بکەین. با چیدی درۆ نەکەین.. با هەموو بەخۆماندا بچینەوەو بتوانین ئەم بارودۆخە بە ئاقارێکی تردا بەرین دژ بە گەندەڵی خەبات بکەین.. کە بەشێوەیەکی سەرەکی هەموو لە ئەستۆی دەسەڵاتدایە!.

**3 / دەرهێنان:**

دەرهێنان بە پرۆسیسێکی گرنگی کاری درامای تەلەفزیۆنی دائەنرێت و بونیادی هونەریی لەسەر بنیات دەنرێت. دەرهێنان کارێکی هونەریی درامی تەواوکارییە لەنێوان ڕەگەزە هونەرییەکاندا، دانانی شێوەیەکی هونەریی گونجاوە بۆ هەموو ڕەگەزە هونەرییەکان، بەپێی ڕوانینێکی دیاریکراوی دەرهێنان. دەرهێنەر ڕۆڵێکی هونەرییانەی هەیە، کە بتوانێ وێنەو دەنگ لە پەیامێکی داواکراو بەشێوەیەکی ڕوون و شێوازێکی ئاستبەرز بەرجەستە بکات و بیخاتە سەر شاشە..11، پرۆسیسی دەرهێنانی درامای گەڕان بەدوای سێبەرەکاندا شێوەیەکی هونەریی جوانکاریی بەخۆوەگرتووە. دەرهێنەر توانیویەتی شێوەیەکی هونەری لەنێوان ڕەگەزە جوانکارییەکانی دەرهێناندا بەرجەستە بکات.

**1/3 دەرهێنەرو سیناریۆ:**

بەشێوەیەکی گشتی دەرهێنەر توانیویەتی ئەم دەقە تەلەفزیۆنییە بەشێوەیەکی هونەریی جوان بخاتە سەر شاشەو بەرجەستەی بکات. ئەو پەیامە جوانکارییەی لەنێو دەقەکەدا هەبووە، بەشێوەیەکی هونەریی جوان لەواقیعدا بەرجەستە بکات. سیناریۆ بریتی بووە لە کۆمەڵێك هەڵوێستی دوابەدوای یەك لە سروشتی کارێکی درامیدا. هەر هەڵوێستێك پەیامێکی فیکریی خۆی هەبووە لەناو ڕووداوەکاندا، واتا ئەو بیرۆکەو پەیامەی لەنێو دەقەکەدا بووە، بەشێوەیەکی هونەرییانە کاری تێدا کراوە، ئەو شەڕانگێزی و ململانێیەی لەنێوان جیهانی خێرو شەڕو درۆ و ڕاستیدا لە ناو کەسایەتییەکاندا هەبووە، دەرهێنەر زۆر بەشێوەیەکی هونەرییانە بەهۆی کەسایەتییەکانەوە بەرجەستەی کردووە. کۆمەڵێ کاری شەڕانگێزی و گەندەڵی و دەرخستنی ڕووی ناشرینی پیاوانی سەردەمی حیزبی بەعس، ڕۆڵ و هەڵوێستی کەسانی تێکۆشەر لەگەڵ هەڵوێستی ئیسلامیە سەلەفییەکان و پەیامی جوانکاریی هونەرمەندان و شاعیران و ڕۆڵی مامۆستا لە پەروەردەکردنی خوێندکاراندا بەرجەستە کراوە، واتا دەهێنەر بەشێوەیەکی هونەریی جوانکارییانە خوێندنەوەیەکی بۆ واقیع و کێشە کۆمەلایەتییەکانی سەردەم ئەنجامداوە، لەگەڵ دەرخستنی ڕووی ناشرینی پیاوانی دەسەلات لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا.

**3 / 2 بەرجەستەکردنی دیمەنەکان..**

دەرهێنەر دیمەنەکانی بە شێوەیەکی هونەریی جوان بەرجەستە کردووە، توانیویەتی شوێنی ڕووداوەکان بۆ دیمەنەکانی دیاری بکات، مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکاندا بکات. دەرهێنەر لەگەڵ ئەوەی شوێنی ڕووداوەکانی

بەرجەستەکردووە، توانیویەتی پەیامەکانی نێو ڕووداوەکان بگەیەنێتە بینەر، ئەمەش بەهۆی جوانیی ڕێکخستنی زمانی وێنەی نێو دیمەنەکان لە ڕووی دیاریکردنی گرتەو جووڵەی کامێراو نواندن و شوێنی دیاریکردنی ڕووداوەکانەوە بە جوانترین شێوە بەرجەستەکراوە. دەرهێنەر توانیویەتی یەکانگیرییەك لە وێنەدا بخولقێنێ و بەهۆیەوە سەرنجی بینەر کێش بکاتە نێو ڕووداوەکانەوە. دەرهێنەر ئەو ڕووداوانەی بەهۆی وێنە یا دیالۆژەوە گەیاندوویەتە بینەر، دووبارەی نەکردووەتەوە، ئەمەش توانایی دەرهێنەر دەردەخات، بۆ نموونە لە دیمەنی دادگاییکردنەکەدا هەمووی بێدەنگ بووەو دیالۆژی تێدانەبووە، لەبەر ئەوەی ڕووداوەکان لای بینەر ئاشکرابووە، پێویستی بەوە نەبووە دووبارەی بکاتەوە لای بینەر، هەروەها دەرهێنەر لەم کارە درامییەدا بە ئاڕاستەیەك کەموکوڕییەکانی دەسەڵاتی نیشانداوەو بە ئاڕاستەیەکی تریش شوێنە خزمەتگوزارییەکانی وەك خوێندنگە، خەستەخانە، ئاسایش و پۆلیس جوانکارییانە دەریخستووەو بە خزمەتکردنی جەماوەریی داناون، وەك ئەوەی کە خۆی هەیە. دەرنەخستنی دەموچاوی لێپرسراوەکە دەگەڕێتەوە بۆ ڕووی هەموو لێپرسراوێکی گەندەڵی ئەم ڕۆژگارە، بۆ ئەوەی لای لێپرسراوان گومان دروست بکات! ئەمەش لایەنێکی تری جوانکاریی ئەم کارە دراماییەیە، بەڵام کۆمەڵێ دیمەن و ڕووداو لەم درامایەدا بەشێوەیەکی نالۆژیکانە بەکارهێنراون، شاردنەوەی ڕاستییەکانی شیلان لای هاوکارو بەدرۆ بڵاوکردنەوەی سوتانی شیلان، کارێکە لای بینەر شێوەیەکی ناڕاستی لەخۆگرتووە. هاوکار دەیتوانی بەئاسانی ماڵی شیلان بدۆزێتەوەو سۆراغی شیلان بکات و بگاتە ڕاستی، بەتایبەتی ئەو کاتانەی کە هاوکار باسی شیلانی دەکرد لە ماڵەوە، یەکسەر خەندە بە هاوکاری دەوت با بڕۆین کارم پێتە!..

یان مردنی هەژار بەهۆی خنکاندنیەوە لە ئاوەکەدا، پێویستی بەوە نەدەکرد بشاردرێتەوە، لەبەر ئەوەی بە ئەنقەست نەکوژراوە!.. دواتر دەکرا ڕاستییەکەیان ئاشکرابکرایە، بەتایبەتی لای دایکی هەژار، نەك زیاتر لەلایەن سەرکەوتەوە کاری خراپترو دەستبڕیی لەگەڵدا بکرێت و پارەشی لێ بستێنێت!.. هەروەها هەڵبژاردنی ئەکتەرەکان لەلایەن دەرهێنەرەوە بەشێوەیەکی هونەرییانە هەڵبژێردراوەو جێدەستی دەرهێنەر لەم بوارەدا دیارە، لەبەر ئەوەی هەڵبژاردنی ئەکتەر بۆ کەسایەتییەکان ڕۆڵی هۆشیاریی دەرهێنەر دەردەخات لەم کارە درامییەدا، کە توانیویانە بەشێوەیەکی هونەرییانە دەربکەون و کاری نواندن لەنێو ڕووداوەکاندا بەرجەستە بکەن.

### 3/3 پەیامی کۆتایی کارە درامییەکە..

لە کۆتایی کارە درامییەکەدا، لەدوای ململانێیەکی نێوان کەسایەتییەکان، بەتایبەتی لەنێوان جیهانی خێرو شەڕدا، دەرهێنەر جیهانی ڕاستی و خێر زاڵ دەکات بەسەر کارە درامییەکەداو دەیکاتە پەیامی کۆتایی کارە درامییەکە. سەرکەوت و شەماڵ و بەهێز لەدوای ئەو هەموو شەڕانگێزییە، سەرئەنجام دەبرێنە بەردەم یاسا و بە سزای خۆیان دەگەن. ئازاد و

عومەر هەمان چارەنووسیان هەبووە. ئازاد لەسەر گەندەڵی و عومەریش لەسەر زەوتکردنی ماڵ و موڵك و پیاوخراپی لێپێچینەوەیان لەگەڵدا دەکرێن. ڕووناك و ڕووخۆش لەدوای ئەو هەموو درۆکردنەی لەگەڵ مناڵەکانیان دەیکەن، دێنە بەردەم کادری کامێراو دەگرین و پەشیمانیی خۆیان دەردەبڕن!.. ڕاز لەدوای ساغکردنەوەی موڵکەکانی باوکی بڕیاری گەڕانەوە ئەدات، هاوکاریش وەك کەسایەتییەکی ڕاست کە نەیتوانی درۆ لەگەڵ ڕازدا بکات و خەونەکانی لەگەڵ شیلاندا بهێنێتە دی، دەگەڕێتەوە بۆ هەندەران، بەڵام خەندە بە گریان پەشیمانیی خۆی دەردەبڕێت، بەرامبەر ئەو درۆیەی لەگەڵ هاوکاری برایدا کردوویەتی!.. کە پێی دەڵێ شیلان خۆی سووتاندووە!.. هەروەها دەرهێنەر کۆمەڵێ پەیامی جوانکاریی تری کردۆتە کۆتایی کارە درامییەکە، دیاری گوڵفرۆش دوکانێکی گوڵفرۆشیی تر دەکاتەوەو دەڵێ گەر بەدەستی من بێ حەزدەکەم ئەم شارە پڕ بکەم لە گوڵ.. ئەمەش جوانترین واتای هەیە و گوزارشت لە پاکیی کەسایەتیی دیار دەکات، کە ئاماجی بڵاوکردنەوەی پاکی و بێگەردییە لەم شارەدا، هەروەها سەرووەری هونەرمەندیش بڕیار ئەدات پێشانگەیەك بکاتەوە، ئاکام و تەرزەش وەك دوو



خوێندکاری پاکی پەیمانگە لە یەك نزیك دەبنەوە، ئاکام خۆی بۆ کۆنسێرتێکی مۆزیکی ئامادە دەکات...

دەرهێنەر لەدوای ئەوەی لەم کارە درامییەدا ئەو هەموو کێشەو ململانێیە دەخاتە بەردەم بینەرو کۆتاییەکی خەماوی بەخۆوە دەگرێت. لەدوای تەواوبوونی کارە درامییەکە، بۆ سارێژبوونی ناخی بینەر، دەرهێنەر هەڵەی ئەکتەرەکان لە کاتی وێنەگرتندا پیشان ئەدات و شێوەیەکی جوانکارییانە بەخۆوە دەگرێت و پێمان دەڵێت مرۆڤ خولقێنەرو دروستکەری هەموو شتێکە لەم واقیعەدا، کە تێیدا دەژین.. مرۆڤ هۆکارێکی گرنگی خولقاندنی ڕووداوەکانە لە ژیاندا... بۆیە دەکرێت بڵێین ئەم درامایە بە بەرهەمێکی هونەریی جوان دائەنرێت، هەروەکو ڕزگار کەریم پسپۆڕ لەبواری دراما، دەربارەی ئەم درامایە دەڵێت: دەتوانم بێمنەت و دوودڵی بڵێم، کە ئەم درامایە تیشکێکی ڕووناك بوو لە مێژووی درامای کوردیدا، کە بە هێواشی و نەرم و نیانی و لەسەرخۆ کاری زانستیی تێدا ئەنجام درابوو. گەر نمرە بۆ سەرکەوتنی ئەم بەرهەمە دابنێین، پلەیەکی بەرزی بەدەستهێنا.. 12.

**4/ نواندن:**

نواندن بە ڕەگەزێکی گرنگی کاری جوانکاریی درامای تەلەفزیۆنی دائەنرێت و ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە سەرکەوتنی هەر کارێکی درامیدا. نواندن کارێکی داهێنەرانەیەو دەربڕی حاڵەتە دەروونی و جەستەییەکانی ئەکتەرە لەنێو وێنەدا، پەیوەندیی بە حاڵەتە درامییەکانەوە هەیە و شێوەیەکی گشتیی جوانکاری لەخۆ دەگرێت..13. درامای

(گەڕان بە دوای سێبەرەکاندا) لە ڕووی کاری نواندنەوە شێوەیەکی هونەریی جوانی لەخۆ گرتووە، بەتایبەتی لە دوو ڕووەوە، هەندێك ئەکتەر یەکەمجاریان بووە چوونەتە بەردەم کامێراو نواندنێکی هونەریی جوانیان ئەنجامداوە وەك: (ڕاز، هاوکار، ئاکام، هەڤاڵ، بەهێز و شەماڵ... هتد)، بەڵام هەندێك ئەکتەری تری وەك: (ئازاد، عومەر، ڕووناك، ڕووخۆش، دیار، حاجی، کاوانی محامی..هتد) خاوەن ئەزموون و شێوەیەکی هونەریی جوانی نواندنیان بەرجەستە کردووە لەبەردەم کامێرادا.

حەمە عەلی خان (عومەر) بەشێوەیەکی نموونەییانە کاری نواندنی کردووە، توانای گەیاندنی کۆمەڵێ حاڵەتی دەروونیی هەبووە لەنێو کەسایەتییەکاندا، واتا بەپێی حاڵەتە درامییەکانی نێو ڕووداوەکان هەڵسوکەوتی کردووە، وەك کەسایەتییەکی نێگەتیڤی نێو کۆمەڵ لەگەڵ ساتە جیاوازەکاندا کاری کردووە. جوانترین دیمەنی لە کۆتایی کارە درامییەکەدا لەنێو دادگادا دانیشتووەو وەك کەسایەتییەکی تێکشکاو لەو دیمەنەدا دەرکەوتووەو شێوەیەکی جوانی داوەتە ئەو دیمەنە. ماهیر حەسەن (ئازاد) لەم کارە درامییەدا دوو لایەنە کاری نواندنی کردووە، کۆمەڵێ حاڵەتی دەروونیی جیاوازی درامیی داوەتە بینەر، بەتایبەتی لە ڕووی کۆمیدی و تراژیدیاییەوە، ئەمەش بەپێی حاڵەتی درامیی ڕووداوەکانی نێو دیمەنەکان، توانیویەتی بینەر لەخۆی ڕازی بکات، جوانکارییانە کاری نواندنی کردووەو ڕۆڵی کەسایەتییەکی نێگەتیڤی ئەنجامداوە، بۆ نمونە لەو دیمەنەی لەبەر گەندەڵی لە کاری وەزیفی دەریدەکەن، کە دێتە ماڵەوە بەشێوەیەکی جوانکارییانە لەگەڵ (ڕووخۆش)دا توشی دەمەبۆڵە دەبێت، بە پێچەوانەوە لەو دیمەنەی داوای پسوڵە دروستکراوەکە لە (بەهێز)ی کوڕی دەکات، بە جوانترین شێوەیەکی کۆمیدییانە مامەڵە لەگەڵ کوڕەکەیدا دەکات و شێوەیەکی هونەریی جوانی داوەتە ئەو دیمەنە. (ڕاز و هاوکار) توانیویانە وەك دوو گەنجی تاراوگە هەڵسوکەوت بکەن و ئەدای دیالۆژەکانیان بکەن، بتوانن مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکاندا بکەن. (ڕاز) توانیویەتی لەگەڵ ڕووداوەکاندا گوزەربکات، وەك ئەکتەرێك بۆ یەکەمجار بێتە بەردەم کامێراو نواندنێکی هونەریی جوان بەرجەستە بکات، بۆیە ڕواڵەتی دەرەکی و دیالۆژەکانی شێوەیەکی هەندەرانیی لەخۆ گرتووە، هەروەها جوانکارییانە توانیویەتی بەرەنگاری (عومەر) ببێتەوە، بەڵام (ڕاز) کەمتر توانیویەتی بە دەموچاوی دەربڕی حاڵەتە درامییەکان بداتە بینەر، بەهەمانشێوە ئەمە لای (هاوکار) دووبارە بۆتەوە، بەڵام توانیویەتی لەگەڵ ڕووداوەکاندا مامەڵە بکات و ئەدای کەسایەتییەکی ڕاستگۆ ئەنجام بدات. (ڕووناك) بەهەمانشێوە توانیویەتی ڕۆڵی کەسایەتییەکی نێگەتیڤ ببینێ، کە بریتین لە درۆکردن و خیانەتکردن بەرامبەر (عومەر)ی مێردی و منداڵەکانی، بە پێچەوانەی ڕەوتی گەشەکردنی کۆمەڵگەوە هەنگاو بنێ و بەشێوەیەکی جوانکارییانە مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکاندا بکات.

14. (بەهێز و شەماڵ و سەکەوت) وەك سێ هاوڕێی شەڕانگێز، بەشێوەیەکی هونەرییانە کاری نواندنیان لەنێو ڕووداوەکاندا بەرجەستە کردووە،

جوانکارییانە توانیویانە سەرنجی بینەر کێش بکەن بۆ ناو ڕووداوەکان. بەشێوەیەك هەڵسوکەوت بکەن تەواوکەری یەکتری بن لەنێو ڕووداوەکاندا، کە پڕیەتی لە درۆ و خیانەتکردن. بۆیە سیماو هەڵسوکەوت و دیالۆژی ئەم سێ کەسایەتییە بەشێوەیەکی جوانکارییانە لەنێو ڕووداوەکاندا بەرجەستەکراوە، بۆ نموونە جوانترین دیمەنی (بەهێز) ئەو کاتەیە کە بە سەرخۆشی دێتەوە بۆ ماڵەوەو سەرو سیمایەکی مەستاویی هەیە و بەخێرهاتنی (ڕاز) دەکات، کە بە جوانترین شێوە کاری نواندنی ئەنجامداوە.

(مەلا هەڤاڵ) یەکێکە لەو ئەکتەرانەی کە بەشێوەیەکی هونەریی جوان کاری نواندنی بەرجەستەکردووە. بە هەڵسوکەوت و ڕواڵەت و دیالۆژەکانی ڕۆڵی کەسایەتییەکی ئیسلامی دەبینێ و شێوەیەکی جوانی داوەتە ڕووداوەکان، بەتایبەتی ئەو دیالۆژەی کە بە بەردەوامی بەکاری دەهێنا (خوا جەزاو بداتەوە). هەڤاڵ لەم درامایەدا یەکێکبوو لەو ئەکتەرانەی بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش مامەڵەی لەگەڵ ڕووداوەکاندا کردووە، (کەنار)یش وەك خوشکە بچووکی (هاوکار) جوانکارییانە مامەڵەی لەگەڵ ڕووداو و کەسایەتی و حاڵەتە درامییەکاندا کردووە، عەشقی کوڕێك بووەو تەنها خەمی ئەوە بووە ساتێکی بۆ برەخسێ لە ماڵەوە بە تەلەفون قسەی لەگەڵدا بکات و زۆر بەشێوەیەکی جوان هەڵسوکەوتی حاڵەتە درامییەکانی لەبەردەم کامێرادا خولقاندووە. هەمیشە بەپێچەوانەی (هەڤاڵ)ی برایەوە هەڵسوکەوتی دەکرد، بەلاّم نواندنی (خەندە)ی خوشکیان لە زۆر کاتدا سەرکەوتوو نەبووەو تەنها دیالۆژی لەبەرکردووەو دەموچاوی هیچ گوزارشتێکی تێدا نەبووەو دیالۆژەکانی بە ڕەقی وتووە، ئەمەش وایکردووە کاری نواند بە لاوازی ئەنجامبدات، بەهەمانشێوە ئەم حاڵەتە لای (هوما) دووبارە بۆتەوە.

یاسین قادر (کاروانی محامی) لەم درامایەدا بەشێوەیەکی جوانکارییانە کاری نواندی کردووە، بەشێوەیەکی لەسەرخۆ و هێمنانە توانیویەتی بچێتە ناو ناخی ڕاستییەکانی کێشەی نێوان مولکەکانی ماڵی (ڕاز و عومەر)ەوە، ڕاستگۆیانەش مامەڵەی لەگەڵ واقیع و ڕووداوەکاندا کردووە. (ڕووخۆش و ئاکام) بەهەمانشێوە توانیویانە کاری نواندن بەرجەستە بکەن. (ڕووخۆش) توانیویەتی هاوشانی (ئازاد)ی مێردی کارە درامییەکان بەرجەستە بکات و تەواوکەری هەڵسوکەوتی بێت.

(ئاکام) وەك خوێندکارێك توانیویەتی هەڵگری بەهای جوانکاری بێت لە ڕووی ڕاستگۆیی لە هونەر و کارەکەیدا، بەشێوەیەکی ڕاستەقینە مامەڵە لەگەڵ هاوڕێکانیدا بکات و درۆ نەکات لەگەڵ کەسایەتییەکاندا. هەروەها مامۆستا (شەوبۆ)و ئەفسەرەکەو (مەلا خەفار) بەشێوەیەکی جوانکارییانە توانیویانە کاری نواندن بەرجەستە بکەن، بۆیە دەکرێت بڵێین ئەکتەر لەم درامایەدا شانبەشانی ڕەگەزەکانی تر کاری جوانکارییان ئەنجامداوە. لەبەر ئەوەی سیناریۆ بە کۆمەڵێ ڕەگەزی تەلەفزیۆنیدا تێپەڕدەبێت لەڕووی بەرجەستەکردنەوە، وەك ڕووناکی، دیکۆر، وێنەگرتن، دەرهێنان، مۆنتاژ...هتد، لە ئەنجامدا کاری ئەکتەر شێوە کۆتاییەکەی پێکدەهێنێ. ئەم ڕەگەزانە هەموو لەخزمەتی ئەکتەردان، پێویستە ئەکتەر

بەشێوەیەکی جوان ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆ. 14، وەك ئەوەی لەم درامایەدا ئەنجامدراوە.

**5/ وێنەگرتن:**

کاری وێنەگرتن لە درامای تەلەفزیۆنیدا بە ڕەگەزێکی هونەری و زمانێکی جوانکاری و درامی و پرۆسیسێکی گرنگی بەرهەمهێنانی درامای تەلەفزیۆنی دائەنرێت. وێنەگرتن بە هۆکارێکی گرنگی سەرکەوتنی هەرکارێکی تەلەفزیۆنی دائەنرێت، گەر بەشێوەیەکی زانستی و هونەرییانە بەرجەستە بکرێت. کامێرا ئامرازێکە بەدەست دەرهێنەرەوەو وێنەگر بەها جوانکاری و دیدگاکانی دەرهێنەر بەرجەستە دەکات، واتە هەموو ڕەگەزە جوانکارییەکانی وێنە بەهۆی چاوی کامێراوە دەچێتە سەر شاشە(15).

وێنەگرتن بەهایەکی جوانکاریی هەیە لە درامای گەڕان بەدوای سێبەرەکاندا، کە بەشێوەیەکی جوانکاری کاری تێداکراوەو دەرهێنەر بەهۆی سێ کامێراو وێنەگرەوە جوانترین کاری وێنەگرتنی بەرجەستەکردووە، لەگەڵ بەکارهێنانی کرین و شاریۆ بۆ جوانتر بەرجەستەکردنی جوانییەکانی کامێرا. بۆیە کامێرا لەم درامایەدا، هەمیشە لە جێگۆڕکێیەکی بەردەوامدا بووەو بەپێی حاڵەتی درامیی ڕووداوەکانی دیمەنەکان کامێرای تێدا بەکارهێنراوە. هەر لەسەرەتای کارەکەدا دەرهێنەر کامێرای لەسەر کرێن بەکارهێناوە، کامێرا لەسەرەوە دێتە خوارەوەو ڕازو هاوکار دێنە ناو کادری کامێراوەو شێوەیەکی هونەریی جوانی داوە بەو دیمەنە. هەر لە ئەڵقەی یەکەمدا لەکاتی گەڕانەوەی ڕازو هاوکار لەنێو ئۆتۆمبێلەکەدا، کامێرا بەشێوەیەکی هونەریی جوان وێنەی ئەو دوو کەسایەتییەی تۆمارکردووەو کامێرا جێگۆڕکێی کردووە لەنێوان هەردووکیان و شۆفێرەکەدا، دواتریش هەر لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا بەشێوەی جوڵەی پان وێنەی سروشتی تۆمار کردووە، شێوەیەکی هونەریی جوانی داوەتە ئەو دیمەنە. جوانیی وێنەگرتنی نێو ئۆتۆمبێلەکە لەوەدایە کامێرا بەبێ ئەوەی لەرەی تێدابێت وێنەکانی تۆمارکردووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ توانای وێنەگر، کە بەشێوەیەکی هونەرییانە بەرجەستەی کردووە. هەروەك لە ئەلقەی دووەمدا لەکاتی خوێندنەوەی شیعرەکەی دیاردا کامێرا لەسەر کرێن بەشێوەی پان دەجووڵێت و شێوەیەکی هونەریی جوانی داوەتە ئەو دیمەنە و یەکانگیرییەکی هونەریی خوڵقاندووە.

لە خوێندنگاکەشدا لەو کاتەی مامۆستا شەونم بانگی هانا دەکات، کامێرا لەسەر (سکە) دەجولێت، لەگەڵ هاتنی هانا بۆ لای شەونم کامێرا لەپێشەوە بەشێوەی (تراك) دەجولێت بۆ دواوە.

هەروەها لە ئەڵقەی چواردا لەگەڵ دانیشتنی ڕازو هاوکار لە ئوتێل پالاس، وێنەگر بەشێوەی (ئۆڤەر شولدەر) وێنەی ئەو دوو کەسایەتییەی



تۆماركردووەو لەسەر شانی هەریەكێكیان بۆ ئەوی تریان بەرجەستەكراوە. لە دیمەنی لێدانی كامیل لەلایەن شەماڵەوە، كامێرا لەم دیمەنەدا لەسەر شان تۆماری ئەو دیمەنەی كردووەو گوزارشتی لە خێرایی ئەو ڕووداوە كردووە، هەر لەم دیمەنەدا لە گرتەیەكدا كامێرا دەچێتە سەر دەموچاوی شەماڵ و تێكیدەدات و گوزارشتی لە ناخی شەڕانگیزی ئەو كەسایەتییە كردووەو شێوەیەكی هونەریی جوانی لەخۆگرتووە.

لە دیمەنی چوونی ڕازو شازاد بۆ لای كاروانی محامی، كامێرا لەم دیمەنەدا زۆر بەشێوەیەكی هونەریی جوانی سێگۆشەیی بەرجەستەكراوەو بۆ هەر یەكێكیان، واتە لە ڕوانینی هەر یەكێكیان بۆ ئەوی تر بەكارهێنراوەو كامێرا لە جوڵەیەكی بەردەوامدا بووە. لە دیمەنی كۆتاییشدا كاتێك عومەر لە دوكانەكەی دانیشتووەو بێزاریی پێوەدیارە، كامێرا لە بەرزاییەوە وێنەی ئەو كەسایەتییەی تۆماركردووە، كامێرا بەشێوەی (زووم ئن) لەسەر عومەرە، دواتر كامێرا (زووم ئاوت) دەكات، كە گوزارشت لە بێزاری و لاوازیی عومەر دەكات لەو دیمەنەدا.

لە ئەڵقەی كۆتاییشدا كاتێك هاوكار بە سەرچناردا دەڕوات، كامێرا لەسەر (سكە) بەشێوەی پان لەگەڵ هاوكاردا دەڕوات و شێوەیەكی هونەریی جوانی داوە بەو دیمەنە.

**6/ دەنگ:**

دەنگ بە ڕەگەزێكی تری كاری درامای تەلەفزیۆنی دائەنریت، ڕۆڵێكی گرنگ دەبینێت لە تەواوكردنی واتاكانی وێنەدا. لەسەرەتای هەموو كارێكی درامیدا وێنە بە پلەی یەكەم دێت لەڕووی گرنگییەوە، دواتر دەنگ دەبێتە تەواوكەری(16).

یەكێ لە لایەنە سەركەوتووەكانی تری ئەم كارە درامییە دەنگە. بەتایبەتی لەڕووی پاكیی تۆماركردنی دەنگ و بەكارهێنانی مۆزیكای وێنەییەوە. بەشێوەیەكی هونەریی جوان بەرجەستەكراوەو بەپێی حاڵەتە درامییەكان مۆزیكای تێدا بەكارهێنراوە. هەر كەسایەتییەك مۆزیكایەكی تایبەتی هەبووەو گوزارشتی لە ڕووداوەكان كردووە، بەمەش توانیویەتی وێنەو مۆزیكا دەربڕی حاڵەتە درامییەكان بێت و زیاتر بینەر كێش بكاتە نێو ڕووداوەكانەوە.

**6/ 1 مۆزیكای وێنەیی:**

سەرەتا لە ئەڵقەی یەكەمدا لەگەڵ هاتنەوەی ڕاز و هاوكاردا لەنێو ئۆتۆمبێلەكەدا بە مۆزیكایەكی خەمئامێز تێكەڵ دیالۆژ و خەمەكانی ئەو دوو كەسایەتییەمان دەكات، بەشێوەیەكی هونەریی جوان. دواتر كاتێك هاوكار لەگەڵ خوشكەكەی دەچێتە سەر گۆڕستانەكە بۆ ئەوەی گۆڕی شیلانی پیشانبدات، بە مۆزیكایەكی خەمئامێز تێكەڵ ئەو كەشەمان دەكات، بەشێوەیەك كار لە دەروونی بینەر دەكات. دوكانی دیار گوڵفرۆشیش مۆزیكایەكی تایبەتی هەبووە، بەشێوەیەك كەشێكی هەستئامێزی شیعریی داوەتە ئەو دیمەنانەو جێی سەرنجی بینەربووەو تێكەڵی جیهانی پاكی گوڵەكان و كەسایەتییەكانی كردوین، بەتایبەتی ئەو ساتانەی كچە لاڵەكە دەهاتە بەردەم گوڵەكان و سەیری دیاری دەكرد. مۆزیكا زۆر بەشێوەیەكی هونەریی جوان بەكارهێنراوە، بۆیە شێوازی

بەکارهێنانی مۆزیکا لەم درامایەدا بریتی بووە لەوەی: ڕۆحی مۆزیکا دەبێت لەگەڵ ڕۆحی وێنەدا بێت، وێنە دەربڕی ڕووداوەکانە بەشێوەیەکی بابەتییانە، مۆزیکاش دەربڕی هەستی کەسایەتییەکانە لەنێو ڕووداوەکاندا(17)، هەر بۆیە لەگەڵ دەرکەوتنی دایکی هەژاردا هەمیشە مۆزیکایەکی خەمئامێز بەکارهێنراوەو گوزارشتی لە ناخی دایکی هەژار کردووە، کە چۆن وێڵبووە بەدوای سۆراخکردنیدا.

کە مۆزیکا ڕاستەوخۆ کاری لە بینەر کردووەو زمانێکی جوانکاریی هەبووە لەنێو ئەو ڕووداوەدا. لەگەڵ دیمەنەکانی هاوکاریشدا لەدوای گەڕانێکی دێژ بەدوای شیلاندا، مۆزیکا زیاتر دیمەنەکانی خەماوی کردووەو دەچێتە ناو ناخی ئەو کەسایەتییەوە، لەدوای ئەوەی هاوکار بێ هیوا دەبێت لە گەڕان بەدوای شیلاندا، بەتایبەتی ئەو کاتانەی بە شەقامەکاندا گوزەر دەکات، مۆزیکا زیاتر کار لە بینەر دەکات و بێزاریی بە دەموچاو و جەستەی هاوکارەوە دیار دەبێت، بۆیە مۆزیکای دیمەنەکانی هاوکار تایبەتبووە بە کەشی درامیی ناو ناخی کەسایەتیی هاوکار و بەشێوەیەکی هونەریی جوان گوزارشتی لە دیمەنەکانی کردووە، کەناریش مۆزیکایەکی تایبەتی هەبووەو دەربڕی ناو ناخی کەسایەتییەکەی بووە لەنێو ڕووداوەکاندا گوزارشتی کردووە لە دڵەڕاوکێ و بێزاری، تەنها خەمی ڕەخساندنی دەرفەتێك بووە کە لە ماڵەوە بەدزییەوە بتوانێ بە تەلەفون قسە لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا بکات. بۆیە مۆزیکا بەشێوەیەکی جوانکارییانە توانیویەتی ئەو حاڵەتە دەرببڕێت.. ئاکامیش وەك مۆزیکاژەنێك، لە زۆربەی دیمەنەکانی خۆیدا ئامێری مۆزیکای ژەنیوە، توانیویەتی سەرنجی دەوروبەری بەلای خۆیدا کێش بکات. جوانترین دیمەنیشی ئەو ساتایە کە لە پەیمانگە بە ئامێری پیانۆ جوانترین پارچە مۆزیکا دەژەنێ و سەرنجی مامۆستاو هاوڕێکانی بەلای خۆیدا کێش دەکات. بەهەمان شێوە ئەم دیمەنە لە ماڵی خۆیاندا دووبارە دەبێتەوە، کە بەشێوەیەك سەرنجی ڕاز کێش دەکات بەلای خۆیداو دەچێت بۆ لای و پیرۆزبایی لێدەکات. ئەم دوو دیمەنە جوانترین شێوەی مۆزیکای بەخۆوەگرتووە. هەروەها چوونی هاوکارو ڕاز بۆ لای حاجی لە باغەکەدا، مۆزیکا بەشێوەیەکی جوان تێکەڵی ئەو دیمەنەمان دەکات، لەهەمانکاتدا دوودڵیی هاوکارمان پێ دەڵێت لەنێوان ڕازو شیلاندا، لە دیمەنی کۆتاییشدا کاتێك هاوکارو ڕاز جیادەبنەوە بە مۆزیکایەکی خەمئامێز تێکەڵی ئەو دیمەنەمان دەکات، لێرەوە دراماکە بە ئاقارێکی تردا دەڕوات. هاوکار زیاتر بێهیوا دەبێت، بۆیە دەتوانین بڵێین مۆزیکا خەسڵەتێکی تایبەتی داوە بە کەسایەتییەکان، لەگەڵ بەرەوپێشچوونی ململانێ و کەسایەتییەکان، ئەمیش بەرەوپێشەوە هەڵدەکشێ و لەنێو ڕووداوەکاندا پەیوەندییەکی هونەریی جوان هەیە لەنێوانیاندا. لە یەکێ لە دیمەنەکانی کۆتاییشدا کاتێك مەلا غەفار دەچێت بۆ



لای هەڤاڵ و یاری دەکات. مۆزیکا زۆر جوانکاریانە بەشێوەیەکی بەرزی بێزارکەر گوزارشت لەو دیمەنەو کەسایەتیی مەلا غەفار دەکات. هەڤاڵ یەکلایەنە بەگژیا دەچێتەوەو دەڵێ: من وازم لە کاری ئیسلامی هێناوەو بۆخۆم یاری دەکەم، کە مۆزیکا بەشێوەیەکی هونەریی جوان گوزارشتی کردووە لەو دیمەنە. بەشێوەیەکی گشتی مۆزیکا لەم کارە درامییەدا شێوەیەکی هونەریی جوانکاریی داوەتە دیمەنەکان. مۆزیکای وێنەیی لە ڕەوتی ڕووداوەکاندا پەیوەندیی بە هەڵچوونە درامییەکانەوە هەیەو تەواوکەریەتی(18)، لەسەر ئەو بنچینەیەش مۆزیکا لەم کارە درامییەدا بەکارهێنراوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ توانایی دانەری مۆزیکا لەم درامایەدا.

**6/ 2 تۆمارکردنی دەنگ:**

کاری تۆمارکردنی دەنگ لەم درامایەدا زۆر بەشێوەیەکی هونەریی پاك تۆمارکراوە. بەتایبەتی دەنگی نێوان ئەکتەرەکان لەکاتی دیالۆژەکانیاندا، لەگەڵ کاتی قسەکردن بە مۆبایلەکان لەنێوان کەسایەتییەکان، کە تواناوە دەنگی کەسایەتییەکەی تر کە لە پەیوەندیدایە جوان دیالۆژەکانی بگاتە بینەر بەهۆی هاتنی دەنگی لە مۆبایلەکەیەوە. واتە تەنها یەك ئەکتەری دەرخستووە، ئەکتەرەکەی تر تەنها دەنگی دەبیسترێت، ئەمەش شێوەیەکی جوانی داوەتە دیمەنەکان، وەك تۆمارکردنی دەنگی هانا کاتێك پەیوەندی دەکات بە سەرکەوتەوە، شەماڵی برای مۆبایلەکە هەڵدەگرێت و گوێمان لە دەنگی هانا دەبێت و بەشێوەیەکی جوان دیالۆژەکانی دەبیسترێت.. لەگەڵ چەندین نمونەی تری لەم شێوەیە. بۆیە دەنگ و وێنە لەم کارە درامایییەدا شێوەیەکی گونجاو و جوانی داوەتە کەسایەتییەکان و ڕووداوەکان.

**ئەنجام:**

لەدوای شیکردنەوەی ڕەگەزە جوانکارییەکانی درامای گەڕان بەدوای سێبەرەکاندا، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەم بەرهەمە لەڕووی پرۆسیسی بەرهەمهێنانی درامای تەلەفزیۆنییەوە بە بەرهەمێکی هونەریی سەرکەوتوو دائەنرێت. لەبەر ئەوەی بەشێوەیەکی هونەریی جوان زمانە جوانکارییەکانی تەلەفزیۆنی تێدا بەرجەستەکراوەو شێوەیەکی هونەریی جوانی بەخۆیەوە بینیوەو مایەی گەشەکردنی درامای تەلەفزیۆنیی کوردییە.. هەروەها لایەنێکی تری سەرکەوتنی ئەم درامایە ئەوەیە، ئێمە لە بواری درامای تەلەفزیۆنیدا لەسەرەتادایین و هەژارین، کادری هونەری و ستۆدیۆی هونەریی بەرهەمهێنانی درامای تەلەفزیۆنیمان نییە، ئەم بەرهەمە بە هەوڵ و ماندووبوون و توانای هونەرمەندی کورد بەرهەمهاتووە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا سەرکەوتنی توانای هونەرمەندی کوردە، کە توانیویەتی بەشێوەیەکی هونەریی جوان ئەم بەرهەمە بەرجەستە بکات و شێوەیەکی هونەریی جوان بەخۆوە بگرێت.. بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم بەرهەمە بە یەکێ لە بەرهەمە جوان و سەرکەوتووەکانی درامای تەلەفزیۆنی دابنێین، هەروەها جێی خۆیەتی پێشنیازبکەین، کە پێویستە لەم وڵاتەدا هەوڵی دروستکردنی کادری هونەریی تەلەفزیۆنی بدرێت و حکومەت بیر لەوە بکاتەوە کۆمەڵێ کادری هونەری درووستبکات بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ئەو

کەموکوڕییانەی لەبواری پرۆسیسی بەرهەمهێنانی درامای تەلەفزیۆنیدا هەمانە بتوانین نەیهێڵین و بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمیانە کار لەگەڵ ئەم هونەرە بکەین.


**سەرچاوە:**

1. مارتن أسلن (1984: 12)
2. سەلام فەرەج (2000 : 6)
3. بروانە سایتی ئەنتەرنێت/ WWW. islamonline. net/iol-arabic
4. عماد نداف (1994 : 20)
5. عماد نداف (999 : 28)
6. سەرچاوەی پێشوو (57)
7. د.نسمه البگریق (1995: 203)
8. سەرچاوەی پێشوو (206)
9. ڤیڤین براون (2006: 25)
10. سەرچاوەی پێشوو (193)
11. هاربیرت زینل (2004 :559)
12. بروانە: ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ (2006 : ژ493)
13. عماد نداف (1994: 185)
14. سەرچاوەی پێشوو (186)
15. د.عقیل المهدی (2001: 6)
16.عماد نداف (1994: 137)
17. د. عقیل مهدی (2001: 131)
18. عماد نداف (1994: 77)

***سەرچاوە کوردییەکان:**

– سەلام فەرەج کەریم (2000)، گەشەکردنی درامای کوردی لە عێراق (1975– 1995)، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێجی ئاداب، بەشی زمانی کوردی.

– رزگار کەریم (2006)، مینی درامای گەڕان بەدوای سێبەرەکانداو چرکەیەك، ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ، ژمارە (493).

***سەرچاوە عەرەبییەکان:**

– د. نسمة أحمد البطريق (1995)، نصوص السينما والتلفزيون والمنهج الاجتماعي، مطهبع الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة.

ـ د. عقيل المهدي (2001)، جازبية الصورة السينمائية، دراسة في جماليت السينما، الطبعة الاولى، دار الكتاب الجديدة المتحدة، بيروت– لبنان الطليعة الجديدة، دمشق– سوريا.

– عماد نداف و أخرون (1994)، الدراما التلفزيونية، دراسة، الطبعة الاولى، دار الطليعة الجديدة، دمشق– سوريا.

– ظيظين برونر (2006)، الكتابة للتلفزيون، ترجمة: غسان نعسان، من المنشورات مكتب الفكر والنوعية للاتحاد الوطني الكردستاني.

– مارتن أسلن (1984)، الكتابة للتلفزيون، ترجمة: يوسف عبدالمسيح ثروت، الطبعة الثانية، منشورات مكتبة النهضة، بيروت– بغداد.

– هاربيرت زينل (2004)، المرجع في الانتاج التلفزيوني، ترجمة: أحمد نوري وأخرون، الطبعة الاولى، دار الكتب الجاميعي العين.

پێگەی ئینتەرنێت: WWW.islamonline